# لینین و ئەدەب و هونەر

## بەشی دووەم



وەرگێران و ئامادەکردنی

مەحموود محەمەد عوسمان

## لە نامەیەک بۆ ئا . م . گۆرگی

ئەزیزم ئا . م .

7 شوبات ( فەبرووەری ) 1908

(( بەگوێرەی گوزارشەکەت ، من قسەو باسێک و راپرسییەک لە گەل ئا . ئا . ئەکەم ، بە بروای من پێویست بە چاپکردنی ناکات ، ئێستە تۆ ئەو وەکو کەسایەتی ناناسی .

ئەو وتارەی دەربارەی گالتەجاری نووسیبووت ، بۆ کام کۆمەلەی بەلشەفیک ناردووتە ؟ جێی سەرسورمانە ، لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر بەتێکۆشانەوە لەسەر کۆمەلە بەلشەڤییەکان بۆیان نووسیبووم ، بەلام من هەتا ئێستە دەربارەی ئەوە هیچم نەبیستووە . هیوادارم بۆ بترسبۆرغ بێت . ئەگەر رونووسێکت ( نسخە ) هەیە لەو نامەی کە بۆ سینێیڤیسزت ناردووە ، بۆ منیشی بنێرە بۆ ئەوێ ، ( لەگەل ئاماژەیەک بەمێژووی ناردنی نامەکە ) _ بەلام رەنگە سینێیڤیسز بە چاپی بگەیەنێ . لە کۆتایدا ئەمە لە راپرسییەک زیاتر نییە )) . *

پرۆژەکانت زۆر دلخۆشکەرەیە . حەزم ئەکرد سەردانیتم بکردایە . بەلام من ناتوانم کاری حزبی بەجێ بێلم ، کە بەزووترین کات ئەبێ رێکبخرێ . گومان لەوەدا نییە ، کە تۆیش لەوبارەیەوە لەگەلمدا ئەبێ . رێکخستنی کارێکی نوێ مەسەلەیەکی گرانە . منیش ناتوانم ئێستە بەجێی بێلم . نزیکەی مانگێ یان دوو مانگ ئەخایەنێ ، بۆ ئەوەی بتوانین کاری رێکخستنەکە ئەنجام بدەین . پاشان لە توانامدا ئەبێ بۆ هەفتەیەک یان دوو هەفتە لێی ببچرێم .

هەزار جار رێکم لە گەلتا کە پێویستیمان بە خەباتێکی رێک هەیە دژ بە داروخانی سیاسی و بەرەلایی و سکالای بەردەوام هەتا دوای .... لەو باوەڕەدام جیاوازیمان نەبێ لەسەر ( کۆمەلگە ) و ( لاوان ) . گرنگی رۆشنبیران لە ناو حیزبماندا کەم ئەبێتەوە . لە هەموو شوێنێکەوە دەنگوباسم پێ ئەگا لە هەلهاتنی رۆشنبیران لە حزبدا . رێگەی ئەم گەمژانە بۆ ئەوێیە . حزب لە پۆخلەواتی وورده برجوازیی پاک ئەبێتەوە . گردنە دەستی مەسەلەکە لە لایەن کریکارانەوە روو لە زیادبوونە . هەروەها رۆلی کرێکارانی پیشەیی چێگیرئەبێ . ئەمانە هەمووی باشن . منیش لەوباوەڕەدام ( نووکە شەقەکانت ) ئەبێ بەم مانایە بێ .

ئێستە چۆن بتوانین کارتێکردنمان هەبێ ؟ بە تەواوەتی ئەبێ چی ئەدەبێ بنووسین ؟ ئایا کۆمەلەکان دەربکەین یان ( پرۆلیتاریا ) ؟ ئاسانترین وەلام ئەوەیە کە ( یان ) ، رەت نەکەینەوە ( مەبەستی پرۆلیتاریا رەتنەکەینەوە ) ، بەلام ( و ) رەتبکەینەوە ( مەبەستی پرۆلیتاریا لەگەل کۆمەلەکان رەتبکەینەوە و پێکەوە دەری نەکەین. مەحموود ) وەلامەکە هیچ تەم ومژێک هەلناگرێ . بەلام لە پراکتیکا وەک پێوست نییە .. ئەبێ کۆمەلێکی چاپکراوەی شەرعیمان هەبێ ( یاسایی ) ، ئێستە هاورێیانمان هەولێکی باش ئەدەن بۆ ئەوەی بە چاپی بگەیەنن لە بترسبۆرگ ، دوای گەرانەوەم لە لەندەن ، ئەو کاتەی لە کفاکالی بووم ، خۆم کارم کرد لەم بووارەدا . ئەرکی سەرشانی هەموومان ئەوەیە یارمەتیان بدەین و ئەگەر لە تواناماندا هەبوو بەردەوام بین لە دەرچوونی ئەم کۆمەلانە .

بەلام ئەو تاقیکردنەوەیەم که لە لەندەن بە هرمەند بووم لێی ، تا مانگی یازدەی سالی 1907 ( نیوسال )، وای لێکرم کە قایل بم بەوەی ئێستە زەحمەتە ئەدەبێکی شەرعی (یاسایی ) رێک دابمەزرێ . من لەو باوەڕەدام ئەوەی ئێستە لەسەر حزبە ، ئەوەیە کە رۆژنامەیەکی سیاسی رێک دەربکات و زمان حالی حزب بێت وە بەهێز و شیلگیرانە خەبات بکات دژ بە روخان و نائومێدی . رۆژنامەیەکی حزبی سیاسیمان پێویستە . زۆریک لە رووسەکان باوەریان بە رۆژنامەیەک نییە کە لەدەرەوەی ولات دەربچێ . ئەمەیش هەلەیەکی گەورەیە ! بۆیە بەرێکەوت نەبوو کە ئێمە بیریارماندا ( پرۆلیتاریا ) بگۆزینەوە بۆ ئێرە . رێکخستنی وبەچاپگەیاندنی و زیندووکردنەوەی زۆر زەحمەتە . ئەمانە راستیەکی حاشا هەللنەگرن _ بەلام کارێکە و ئەبێ بیکەین وهەر ئەیکەین .

بۆچی بەشێکی بۆ ئەدەبی پرۆلیتاریا تەرخان نەکەین ؟ شوێنەکە کەمە ؟ من بەتەواوەتی شێوەی کارکردنت نازانم . بەداخەوە ئێمە ئەو کاتەی بەیەک گەشتن ئەوەندە چەقەمان دا نەمانتوانی قسەی جدی لەسەر چەند مەسەلەیەکی بکەین . ئەگەر خۆت مەیلی نووسینی وتاری کورت و بچوک و ماوە نە ماوەیەکت نەبێ ( هەفتانە یان نیو مانگ جارێک ) ، من هیچ ئامۆژگاریت ناکەم کە بپچرێت لێێ ( مەبەستی کاری گەورەی نووسینە . مەحموود ) چونکە سوودی زۆرترە .

بەلام ئەگەر ئارەزووت هەبێ لە کارێکی هاوبەش لە رۆژنامەیەکی سیاسیدا ، بۆچی بەردەوام نابی بەهەمان شێوە کە دەستت پێکرد ، وەک (( تێبینییەکان دەربارەی ووردە بورجوازی )) کە لە (( نۆڤایا جیزن )) بلاو بووەوە ، بەشێوەیەکی باش دەستتپێکرد ، هەولبدە بیکەیتە لاسایکردنەوەیەک ( تقلید ) . دەربارەی ئەمە بۆم نووسیت ، بە مەبەستێکی پێشوەخت ، لە یەکێ لە نامە سەرەتایەکانمدا , لەدلی خۆمەوە ئەموت (( ئەگەر ئەمەی پێخۆشبێ دەست ئەگرێت بە بیرۆکەکەوە )) لە نامەی کۆتایەکەتدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەم بیرۆکەیەت لا پەسەندە . یان من سەهوم ؟ تاچەند کاری حزبی سوود ئەبینی لە رۆژنامەیەک کە وەک جاران بەیەک شێوەی نەبێ . تا چەند کاری ئەدەبی سوود ئەبینێ دوای بەگرێدانێکی پتەو لەگەل کاری حزبیدا. لە کارتێکردنێک ، بە شێوەیەکی بەردەوام و رێک لە حزبدا . بۆ ئەوەی تەنها ( هەلکوتاندنە ) سەر نەبێ ، فشارێکی بەردەوام بێت بەدرێژای هێلەکە بەبێ وەستان وە بەبێ کەموکوری . بۆ ئەوەی سۆسیال دیموکراتییەکانی بەلشەفیک بەشێوەیەکی بەش بەش تەنها هێرشنەکەنە سەر جۆرە جیاوازەکانی دەولەمەندەکان . بەلام بۆ ئەوەی هەموو شتێک داگیربکەن چۆن یابانییەکان مەنشوریان داگیرکرد لە رووسیا .

چەندێ ئارەزوو ئەکەم بابەتێک و نیوەی ئەو سێ بابەتانە (( فەلسەفە ، رەخنەی ئەدەبی ، تەکتیکی هەنووکەیی )) بنێری بۆ پرۆلیتاریا کە ئامادەی ئەکەی بۆ کۆمەلەکان . مانای ناردنی تەکتیکی هەنووکەییە و بەشێک لە رەخنەی ئەدەبی . ئاخ هیچ خێرێک نییە لەو وتارە تایبەت و درێژانەی کە لەسەر رەخنەی ئەدەبی ئەنووسرێ ، لە گۆڤارە جۆراو جۆرەکاندا بلاوکراونەتەوە ، کە نیوەیان حزبییە و نیوەیان حزبی نییە ! . باشتر وایە هەولێک بدەین و هەنگاوبنەین بۆئەوەی لە رەوشتی ئاغا رۆشنبیرە کۆنەکان دووربکەوینەوە . بە مانایەکی تر رەخنەی ئەدەبی پەیوەست بکەین بە کاری حزبی و بە رابەرایەتی حزب . بەم شێوەیە ئەحزابی سۆسیال دیموکراتییە پێگەیشتووەکان کار ئەکەن لە ئۆروپا . بەم شێوەیە ئەبێ کار بکەین بەبێ ئەوەی بترسین لەو زەحمەتانەی کە لە هەنگاوە یەکەمەکاندا لە کاری رۆژنامەگەری هاوبەشدا رووبەڕوومان ئەبێتەوە .

بەلام کارە گەورەکانی رەخنەی ئەدەبی ، باشتر وایە بە پەرتوک بلاویبکەیتەوە ، یان هەندێکیان لە گۆڤارەکاندا بلاوبکەرەوە . بەلام ئەو وتارانەی کە ماوە نەماوەیەک بەرێکی دەرئەچێت لە رۆژنامەیەکی سیاسی بلاویانبکەرەوە . با پەیوەندیت هەبێ بە کاری حزبییەوە ، بەهەمان رۆح کە لە ( نۆڤایا جیزن )) دەستت پێکرد . پێم بلێ ، ئارەزووت هەیە لەم شێوە کارە یان نا ؟

بابەتی سێیەم فەلسەفەیە . من ئەزانم لایەقی ئەوەم نییە کە لەم بوارەدا بە ئاشکراکار بکەم . بەلام بە وردی کاری فەیلەسوفە حزبییەکانمان ئەخوێنمەوە ، وەک کەسێکی مارکسیی سادە ، هەروەها بە وردییەوە بۆغدانۆف خاوەنی مەزهەبی ئەزموونگەری تاک ئەخوێنمەوە ، و هەروەها ئەزموونگەرییە رەخنەگرەکان وەک بازارۆڤ و لوناتشارسکیش و ئەوان ئەخوێنمەوە . ئەوان پالم پێوە ئەنەن لایەنگری بلیخانۆف بم ! لەسەر مرۆڤ پێویستە

هێزێکی فیزیکی هەبێ بۆ ئەوەی هەلپەرستان کاری تێنەکەن وەک بلیخانۆڤ کە ئەیکات ! تەکتیکەکەی لوتکەی ڕۆخان و خراپییە . بەلام ئەو لە فەلسەفەدا بەرگری لە مەسەلەیکی ڕەوا ئەکات . من لەگەل ماتریالیستەکانم دژ بە ئەزموونگەران .... هەتا دوای ....

ئایا ئەبێ وە ئایا ئەرکە ، فەلسەفە پەیوەست بکەین بە کاری حزبییەوە ؟ بە بەلشەفیک ؟ لەوباوەڕەدام ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە ئێستە ئەو کارە نەکەین . با فەیلەسوفە حزبییەکانمان هەندێ جار ئەو تێورانە چارەسەر بکەن و گفتوگۆی لەسەربکەن و ڕێکبکەون ..من بەباشی ئەزانم بەتەواوەتی ئەم گفتوگۆیە فەلسەفیانە جیابکرێتەوە لە کاری حزبی . ئەوەی کە لە نێوان ماتریالیستەکان و ئەزموونگەرەکان ڕوو ئەدات . چاوەڕێ وەلامت ئەکەم و کاتی ئەوە هاتووە نامەکەم کۆتایی پێ بێنم .

لینینەکەت

جنێڤ

بەرگی 47 لا 132 _135

* _ لە دەقە عەربییەکە ئەم برگەیە نییە بەلام لە دەقی هۆلەندییەکە هەیە ، هەروەها لە عەربییەکە مێژووی نامەکە نەنووسراوە ( مەحموود )

*****************************************************************

# لە نامەیەک بۆ

## ئا . ف . لوناتشارسکی

**1908_2_13**

ئەزیزم ئا . ف .

دوێنێ نامەیەکی بچوکم بۆ ناردی دەربارەی برینغمان . ئێستەیش پەلەئەکەم بۆ ئەوەی وەلامی ئەو نامیەت بدەمەوە کە لە 11 _2 ناردبووت .

بەتەواوەتی نازانم بۆ قارس بووی لە نامەکەم ؟ ئایا بەهۆی فەلسەفەوە نییە ؟

پرۆژەکەت کە تایبەتە بە بەشی ئەدەبی لە پرۆلیتاریا و ڕاسپاردنی بە ئلکسی مکسیموفتش زۆر بەجێیە ، بە شێوەیەکی نائاسایی خۆشحالم . خەونم ئەوە بوو کە بەشێکی چێگیر لە پرۆلیتاریا تەرخان بکەم دەربارەی ئەدەب و هونەر ، و بیسپێرم بە ئا . م . بەلام ئەترسام ، بەشێوەیەک ئەترسام ، بەڕاستی زۆر سەرسامم ، کە ئەم کارەی پێبسپێرم . من بەتەواوەتی تایبەتمەندی کاری و بۆچوونی نازانم ، ئەگەر ئەوپێاوە بەجدی سەرقالبێت بە کاری گەورەوە ، و دابەشکردنی تواناکانی بەسەر شتی بچوک وەک ڕۆژنامەو ئەدەب ، زیان بەکارەکەی بگەیەنێ ، ئەوا گێلییە و تاوانە کە ئێمە ڕێگربین لەبەردەم ئەم کارە . من ئەم مەسەلەیە باش تێئەگەم وە هەستی پێئەکەم .

تۆ لەو شوێنەی خۆتەوە چاوی پێابخشێنە ئەزیزەکەم . هەولبدە کارەکان ڕێکبخەیت ، ئەگەر لەو باوەڕدابیت ئێمە زیان ناگەیەنین بە کارەکانی ئا. م . لە کاتی بەشدارییبوونی لەگەلماندا لە کارێکی حزبی ڕێک . (( حەتمەن سوودی زۆری ئەبێ بۆ کاری حزبی ))

(( ژمارە 21 ی پرۆلیتاریا لە 13 (26) شوبات ( فەبروەری ) بەچاپ ئەگەیەنرێ ، مانای وایە ئێمە جارێ کاتمان بەدەستەوەیە ، جێگەی خۆشحالیە دەستنووسەکە پێش ڕۆژی هەینی بگاتە دەستمان ، بۆ ئەوەی کاتی تەواومان هەبێ پێش بە چاپگەیاندنی ژمارەکە لە چوارشەممەدا بلاو ئەکرێتەوە . ئەگەر ناچاریش بێت ئەوا باشتر ئەبێت ئەوکاتەی دەستنووسوکە لە یەکشەممە بگاتە دەستمان ( بۆ ئەوەی بە زووی بگات ئەتوانی و باشتریشە ڕاستەوخۆ بۆ ئەدرەسەکەی خۆمی بنێری ) هەمان شت ( دووشەممە دوا ڕۆژە بۆ وەرگردنی بابەتەکان ) .

تۆ خۆیشت ئەبێ بەجێگیری و دلنیابوونەوە شتێ بنووسی . ناتوانی بۆ ژمارە 21 شتێ بنێیری یان بە زنجیرەیەکی سیاسی لەسەر بارودۆخی رووسیا ( 10 بۆ 16 هەزار پیت بێت ) یان وتارێک دەربارەی فێری بنووسی ( 8 بۆ 10 هەزار پیت بێت ) باشتر وایە وابێ : ( یان _یان ) نەبێت ، بەلام ( ئەم و ئەو ) بێت )) ؟ *

دەستەکانت بە توندی ئەگوشم ، تکات لێ ئەکەم ئاگادارم بکەرەوە ئەگەر مەسەلەی بەشداری کردنی . ئا . م . لە پرۆلیتاریادا یەکلاتکردەوە . ئەگەر رەزامەندی دەربری ئەوا بە بێ دواخستن بە دەستبەکاربێ ، بەبێ کۆنگرە و بەبێ چاوەروانی رێکەوتنەکە .

جنێف

بەرگی 47 لا 135 _136

*_ ئەم برگەیە لە دەقە عەربییەکە نییە .

****************************************************************

# بۆ ئا . م گۆرگی

**1908/7/13**

لەو بروایەدام ئەو مەسەلانەی کە وروژاندت دەربارەی جیاوازییەکانمان ، تەنها لەیەک تێنەگەیشتن بەولاوە هیجی تر نییە . من هیج کاتێ بیرم لە دەرکردنی رۆشنبیران نەکردۆتەوە ، وەک ئەوەی سەندیکاکە گێلەکان ئەیکەن . یان گرنگییان لە بزووتنەوەی کرێکاری رەتبکەمەوە . لەم هەموو مەسەلانەدا نابێ لە نێوانماندا جیاوازی هەبێ . من بەباوەرێکی پتەوەوە زۆر لەو دلنیام . لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین ئێستە یەک ببینین ، پێویستە هەر ئێستە پێکەوە دەست بەکاربین ، لەکاتی کاردا رێکەوتنی کۆتایمان ئاسان و باشترئەبێت .

زۆر زۆر خۆشحالبووم لە پرۆژە تایبەتییەکەت دەربارەی نووسینی شتی بچووک بچووک بۆ ( پرۆلیتاریا )) ( ئاگادارییەکەیان بۆ ناردی ) ، بەلام لەبەر ئەوەی تۆ کارێکی گەورەت هەیە ، باشتر وایە لێی نەبچرێت .

جاری پێشوو ویستم وەلامت بدەمەوە دەربارەی ((ترۆتسکی )) ، بەلام لەبیرم چوو . ئێمە ( دەستەی نووسەرانی (( پرۆلیتاریا )) لێرە ، ئەل . ئەل و من و یەکێکی تر * ) یەکێکە لە هاورێیە باشەکانی پەلشەفیکە رووسەکان ) ، یەکسەر بریارماندا ترۆتسکی بانگەش بکەین بۆ بەشداری کردن لە پرۆلیتاریا و بابەتێکمان بۆ دیاریی کرد و ئاڕەستەیمان کرد ، نووسراوەکەمان ئیمزا کرد بە هاودەنگێکی گشتی (( دەستەی نووسەرانی پرۆلیتاریا ))وەک ئارەزومان هەبوو کە مەسەلەکە لە ئاستێکی کشتیدا بێ . ( بۆنموونە شەرێکی گەورەهەیە لە نێوان من و ترۆتسکی ، لەسالانی 1903 _1905 شەرەکە توندتر بوو ، ئەوکاتەی ئەو مەنشەفیک ) بوو ، نازانم ئەگەر تروتسکی لە دارشتنی دەعووەت نامەکە بێزاربووبێت بەم شێوەیە . بەلام نامەیەکی ناردبوو کە خۆی نەینووسیبوو . وەک دەستەی نووسەرانی (( پرۆلیتاریا )) ئاگاداربوون ، ( بەراسپاردەی هاوری ترۆتسکی ) ، کە ئەو ( مەبەست ترۆتسکی .م ) نووسین پەسەند ناکات لەبەر سەرقالبوونی .

وا دەرئەکەوێ هەلوێستێکی دروستکراوە . لە کۆنگرەی لەندەن هەمان هەلوێستی هەبوو ، ئیتر نازانم بەردەوام ئەبێ لەگەل بەلاشیفە ؟

مەنشەفیکەکان لێرە ئاگادارییەکیان بلاوکردەوە ، بە ئیمزای بلیخانۆف و ئاکسیلرود و دان و مارتۆف و مارتینۆف کە ئەیانەوێ گۆڤارێکی مانگانە دەربکەن بەناوی (( دەنگی سۆسیال دیموکرات )) ، کە دەستم کەوت بۆتی ئەنێرم . کێشمەکێشەکە سەخت ترئەبێ . بەلام ترۆتسکی ئەیەوێ لەسەرەوەی (( کێشمە کێشی کۆمەلەکان)) وە بێ .

بەلام ئەوەی پەیوەستە بە ماتریالیزمەوە ، وەک تێگەیشتنێک لە ژیان ، لەوباوەڕەدام دربارەی ناوەرۆکەکە لەگەلت نەبم . گفتوگۆکە لێرە لەسەر (( تێگەیشتنی ماترایزمانە بۆ مێژوو )) نییە ! ( ئەزموونگەرییەکان ئەمە رەتناکەنەوە ) بەلام لەسەر فەلسەفەی ماتریالیزمە .

یان ئەبێ ئەنغلوساکسیونەکان قەرزاری (( ماتریالزم )) ن بە روحێکی وورده برجوازییەوە و رۆمانییەکانیش بە ئاژاوەچییان ( ئاناریشیزم ) ، ئەمەش کارێکە من بەتوندی رەتی ئەکەمەوە . ماتریالیزم وەک فەلسەفەیەک لای ئەوان پشتگوێ خراوە لەهەموو شوێنێ . ( فنیوزیت )) ، یەکێکە لە هەرە گۆڤارە شارەزا و بتەوەکان ، بایەخ بە فەلسەفە نادا ، رۆژێک لە رۆژان لایەنگیری فەلسەفەی ماتریالزم نەبووە . لەگەل ئەوەشدا لەم ماوەیە ووتارەکانی ئەزموونگەرانی بەبێ هیچ ئاگادارییەک (تحفظ )بلاوکردەوە ،

یان هینانە کایەوەی روانگەیەکی وورده برجوازیانەی مردوو لەو ماتریالیزمەیە ، کە مارکس و ئەنچلس فێریانکردین ، مەسەلەیەکی راست نییە ، راست نییە ! رەوتە وورده برجوازیەکان لە ناو سۆسێال دیموکراسییەکاندا ئەچەنگن ، زۆر ئەجەنگن و بەرەو لای کانت و کانتییە نۆیەکان و فەلسەفەی رەخنەگرانە ئەرۆن . نەخێر . ئەو فەلسەفەی کە ئەنچلس لە کتێبەکەیدا (( دژی دۆهەرنیخ )) داینابوو، ماوە نادا بە وورده برجوازییەکان تەنانەت پێ بخەنە پێش هەیوانەکەیان . بلیخانۆف ئەم فەلسەفەیە بە هەلە ئەبات ، بە بەستنەوەی ئەم کێشمە کێشە بە کێشمە کێشی لەتبوون . ئەرکی سەرشانی هەموو سۆسیال دیموکراتییەکان ئەوەییە کە بلیخانۆفی جاران تێکەل نەکەن بە بلیخانۆفی ئێستە .

ئێستە ئەل . ئەل . لام رۆشت . جارێکی تر دەربارەی (( کۆنگرە )) ئاگاداری ئەکەمەوە ، ئەگەر سوورن لەسەری ئەوا لە ماوەی دوو رۆژ بە زوویی رێکی ئەخەم .

دەستەکانت ئەگوشم

لینین

جنێف

**ب 47 لا 136 _ 138**

* _ئەکەسە ئی . ف . دوبرفنسکییە ( دەستەی نووسەران )

**************************************************************************************